# ئاگاداریی هاوبەش لەبارەی ڕێساکانی پاراستنی نهێنی

**ئەم ئاگادارییە باسی چۆنیەتی بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاریی پزیشکی تایبەت بە تۆ دەکات و هەروەها باسی چۆنیەتی دەستگەیشتنت بەم زانیاریانە دەکات – تکایە بە وردی بیخوێنەوە**

ئەم "ئاگاداری"یە وەك "ئاگادارییەكی هاوبەشی" نەخۆشخانە و دابینكەرانی چاودێری تەندروستی گرێدراو بە BJC HealthCare ـە (هەموویان بە "ئێمە" ناو دەبرێن).لەبەر ئەوەی ئێمەی دابینكەرانی چاودێری تەندروستی گرێدراوین هەروەك لەلایەن قانونی گواستنەوەی بیمەی تەندروستی و لێپرسینەوە (HIPAA)ی ساڵی 1996، پێناسە كراوین، ئێمە بڕیارمان داوە كە "ئاگادارییەكی هاوبەش" دەربارەی ڕێساكانی پاراستنی نهێنی ئامادە بكەین. ئێمە بەدواداچوون بۆ مەرجەكانی ئەم "ئاگاداری"یە دەكەین و لەوانەیە زانیاریی تەندروستی بۆ مەبەستەكانی چارەسەری، پارەدان و كارەكانی چاودێریی تەندروستی، لەگەڵ یەكتر هاوبەش بكەین بەو شێوەی كە لەم "ئاگاداری"یە باس كراوە.

## ئەركەكانی ئێمە دەربارەی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ

ئێمە ڕێز لە نهێنیێتی و كەسیبوونی زانیارییە تەندروستییەكانت دەگرین. ئێمە پابەندین بە پاراستنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ و هەروەها پابەندین بەوەی كە مافەكانت سەبارەت بەم جۆرە زانیاریانە پێ ڕابگەیەنین. بەپێی یاسا، پێویستە كە ئێمە نهێنیێتیی زانیاریی تەندروستی پارێزراوی تایبەت بە تۆ بپارێزین، و تۆ لە ئەم ئەركە یاساییانە ئاگادار بكەینەوە و لەدوای هەر حاڵەتێكی پێشێلكردنی ڕێساكانی تایبەت بە زانیاریی تەندروستی پارێزراو ئاگادارت بكەینەوە. ئەم "ئاگاداری"یە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ئێمە چۆن، كەی، و لەبەر چی زانیاریی تەندروستیی تۆ بەكاردەهێنین و ئاشكرا دەكەین، وە مافەكانی تۆ سەبارەت بە پاراستنی زانیاریی تەندروستیی وەكوو نهێنی كامانەن. لەم "ئاگاداری"یەی ئێمەدا، بەكارهێنان و ئاشكراكردنی زانیاریی تەندروستی لەلایەن ئێمەوە وەك "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" ئاماژەی بۆ دەكرێت. زانیاریی تەندروستی پارێزراو بە گشتی بریتیە لە ئەو زانیاریانە كە ئێمە دروستی دەكەین یاخود وەری دەگرین كە تۆ و باری تەندروستیی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی تۆ نیشان دەدات یاخود چاودێری یان دابینكردنی چاودێریی تەندروستی یان پارەدان بۆ ئەو چاودێریە لەخۆ دەگرێت. ئێمە دەبێ پابەند بین بە "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" لە ڕۆژی كارپێكردنیەوە كە لە خوارەوە نووسراوە.

بەڵام، لەوانەیە لە داهاتوودا ئێمە "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" بگۆڕین و بەتایبەتی مافی گۆڕینی مەرجەكانی ئەم "ئاگاداری"یە و "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" بۆ خۆمان دەپارێزین.

هەر گۆڕانكارییەك لە "ئاگاداری" و "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" بكرێ، ئێمە بە ئێوەی ڕادەگەیەنین بەو شێوەی كە لە كۆتایی ئەم "ئاگاداری"یەدا باس كراوە. هەر گۆڕانكارییەك كە لە "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" دا بكرێ كاریگەری لەسەر هەر زانیارییەكی تەندروستی پارێزراو دەبێ كە لای ئێمە هەڵگیراوە.

بەتایبەت، "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی"ی ئێمە كار لەسەر ئەمانە دەكات:

دڵنیابوون لەوەی كە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ بە نهێنی دەمێنێتەوە

ئەم "ئاگاداری"یەی "ڕێساكانی پاراستنی نهێنی" ئێمە و ئەركە یاساییەكانی تایبەت بە زانیاریی تەندروستی پارێزراو بدات بە تۆ

بەدواداچوونی مەرجەكانی "ئاگاداری"یەكە كە لە ئێستا كاری پێ دەكرێت

هەوڵدانی نیازپاكانە بۆ وەرگرتنی تەئیدی تۆ سەبارەت بە ئەوەی كە ئەم "ئاگاداری"یەت بەدەست گەیشتووە یاخود دەرفەتی وەرگرتنی "ئاگاداری"یەكەت پێ دراوە.

ئاگادارکردنەوەت بە نووسراو لە ماوەی 60 ڕۆژدا لە کاتی دەستگەیشتن بە زانیاریی تەندروستی تۆ لە لایەن BJC Healthcare کە یەکێکە لە کۆمپانیا گرێدراوەکانی ئێمە، یاخود لە لایەن کەسێکەوە کە ئێمە کۆنتراکتمان لەگەڵی کردووە بۆ ئەوەی کارەکە لە جیاتی ئێمە بکات.

## دابینکەرانی چاودێری تەندروستی BJC (BJC HEALTHCARE) کە ناویان لەنێو ئەم "ئاگاداری"یە دا هاتووە

ئەم "ئاگاداری"یەمان وەکوو ئاگادارییەکی هاوبەشە بۆ هەموو دەزگا گرێدراوەکان و ناوەند و شوێنەکانی BJC HealthCare، و هەر یەکێك لەمانە دەبێ ڕەچاوی مەرجەکانی ئەم "ئاگاداری"یە بکات.

بە وردتر، "ئاگاداری" ئێمە باس لە "ڕێساکانی پاراستنی نهێنی" ئێمە دەکات لە:

هەر نەخۆشخانەیەك و پرۆفیشناڵێکی چاودێریی تەندروستی کە گرێدراوی BJC HealthCare ـە ڕێگەی پێ دراوە کە بچێتە نێو ئەو زانیاریانەی چارتی نەخۆشخانە کە تایبەتە بە تۆ

هەموو بەش و یەکەکانمان، کە دەرمانخانەکانی BJCش لە خۆ دەگرێت

هەموو ئەو پزیشکانەی کە لەلایەن ئێمەوە دامەزراون و شوێنی کارکردنیان

هەموو پزیشکەکانی نێو نەخۆشخانە وەکوو پسپۆری بەنجکردن/بێهۆشکردن، پاتۆلۆژیست، ڕادیۆلۆجیست

هەر ئەندامێکی گروپێکی خۆبەخش کە ئێمە ڕێگەی پێ دەدەین یارمەتیت بدات لە کاتی بوونت لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانمان یاخود لە کاتی وەرگرتنی چاودێریی تەندروستی لەلایەن ئێمەوە

هەموو کارمەندەکان، ستاف و فەرمانبەرانی تری چاودێریی تەندروستی، کە کارمەند و فەرمانبەری هەر نەخۆشخانەیەك یان دابینکەرێکی چاودێریی تەندروستی BJC لە خۆ دەگرێت

کۆمپانیای خزمەتگوزاری تەندروستی BJC (BJC Corporate Health Services)، تەندروستیی ڕەفتاریی BJC ( BJC Behavioral Health)، خزمەتگوزاریی چاودێریی ماڵەوەی BJC (BJC Home Care Services)، و سەنتەرەکانی بینایی BJC (BJC Vision Centers)

لیستێکی تەواوی نەخۆشخانە و دابینکەرانی چاودێری تەندروستی کە گرێدراوی چاودێری تەندروستی BJC ( BJC HealthCare)-ن و پۆلە گشتیەکانی شوێنەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری کە لە ئەم "ئاگاداری"یەدا ڕووماڵ کراون، لە لاپەڕەی کۆتایی ئەم "ئاگاداری"یەدا هەیە.

ئەم "ئاگاداری"یەی ئێمە باس لەو ڕێسایانەی پاراستنی نهێنی ناکات کە لەوانەیە پزیشکی تایبەتی تۆ( ئەگەر پزیشکەکە لەلای ئێمە کارمەند نەبێت) لە ئۆفیسی تایبەتی خۆیدا ڕەچاویان بکات و ئەمە کاریگەری نابێت لەسەر بڕیارە پزیشکیەکانی ئەو بۆ چاودێری و چارەسەرکردنی تۆ.

## چۆنیەتی بەکارهێنان یان ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ لە لایەن ئێمەوە بەبێ بوونی ڕێگەپێدان یان ڕەزامەندیی نووسراوی تۆ

### بۆ چارەسەرکردن، پارەدان و کارەکانی چاودێریی تەندروستی

1. **بۆ چارەسەرکردنت،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستیی تۆ بەکاربهێنین و/یان بیدەین بە دابینکەرانی چاودێری تەندروستی و ئەو کارمەندانە کە چاودێریی تۆ دەکەن و خزمەتگوزاری و چارەسەری پزیشکی بۆ تۆ دابین دەکەن. بۆ نموونە، ئەگەر هاتوو تۆ نەشتەرگەرییەکت ئەنجام دابوو یاخود منداڵت بووە، ئێمە دەتوانین پەیوەندی بە ئاژانسێکی چاودێریی تەندروستی لە ماڵەوە بکەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی ماڵەوەت بۆ فەراهەم بکات یاخود چاودێریی چاکبوونەوەی تۆ بکات پاش دەرچوونت لە نەخۆشخانە.

2. **بۆ دانی پارەی خزمەتگوزاریی تەندروستی،** ڕەنگە ئێمە وەسڵ و پارەی وەرگیراوی ئەو خزمەتگوزاراییانەی کە ئێمە پێشکەشمان کردووی، بەکاربهێنین و/یان ئاشکرای بکەین. بۆ نموونە، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تۆ بدەین بە بەشی وەسڵ یاخود بەشی داواکاری بۆ ئەوەی وەسڵ یاخود نامە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بینێرین بۆ تۆ، و کۆمپانیای بیمەی تۆ، لەوانەش Medicare یان Medicaid، یاخود گروپێك یان لایەنێکی تر کە بەرپرسە لە دانی پارە بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تۆ.
3. **بۆ کارەکانی چاودێریی تەندروستیی ئێمە،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بەکاربهێنین و/یان ئاشکرایان بکەین بۆ یارمەتیدان و باشترکردنی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی یاخود خزمەتگوزاریی تر کە ئێمە پێشکەشی دەکەین.

بۆ نموونە، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تۆ بەکاربهێنین بۆ نرخاندنی ڕادەی خزمەتگوزارییەکانمان یاخود بۆ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ خزمەتگوزاری زیاتری تەندروستی پێویستە یان نە. بۆ زانینی ئەوەی کە کامە خزمەتگوزاری پێویستە، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تۆ بدەین بە پزیشکان، کارمەندانی پزیشکی یان تەندروستی یاخود کارمەندانی بازرگانی بۆ کاری پێداچوونەوە، ڕاوێژکاری، بەراوردکاری و پلاندانان.

هەروەها، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستیی تۆ بدەین بە وردبینان، پارێزەران، لایەنی حکومی یاخود ڕاوێژکارانی تر بۆ نرخاندن و/یان دڵنیابوون لە پابەندبوونمان بە یاسا یاخود بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیمان بکات لە بەرامبەر دەزگاکانی حکومەت یاخود دەزگاکانی دادوەری.

هەروەها ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستیی تۆ بدەین بە ڕێکخراو و دابینکەرانی خزمەتگوزاری دەرەوەی ئێمە بۆ ئەوەی لە بری ئێمە خزمەتگوزاری پێشکەش بە تۆ بکەن. ئێمە داوای دڵنیاکردنەوەی نووسراو دەکەین لەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی ئەو زانیارییە تەندروستییانە کە پێیان دەدرێن پارێزراو بن.

4. **لە بارودۆخی تایبەتدا کە ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی سنووردار زانیاری پزیشکی تۆ ئاشکرا بکەین،** پاش لابردنی زانیاریی ناسینەوەی ڕاستەوخۆ (وەکو ناو، ناونیشان و ژمارەی بیمەی کۆمەڵایەتیی تۆ) لە زانیاریی تەندروستی، ڕەنگە ئێمە زانیاریی پزیشکی تۆ بۆ لێکۆڵینەوە، چالاکییەکانی تەندروستیی گشتی یاخود کارەکانی چاودێریی تەندروستی (وەکو پلاندانانی بازرگانی) بەکاربهێنین. سەرەڕای ئەوەی کە زانیاریی ناسینەوە بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردەهێنرێت، ئێمە گەرەنتی لە لایەنی وەرگری زانیارییە تەندروستییەکان وەردەگرین بۆ ئەوەی زانیارییەکان بپارێزن و تەنها بۆ مەبەستی سنووردار بەکاریانبهێنن یاخود ئاشکرایان بکەن.

لە کاتی ئەنجامدان یاخود بەشداریکردن لەو چالاکییانەی کە پەیوەندی هەیە بە چارەسەرکردن، پارەدان و کارەکانی چاودێریی تەندروستی، ڕەنگە ئێمە زانیارییەکانت کۆبکەینەوە یاخود بیانخەینە نێو داتابێسی ئەلکترۆنی (کۆمپیوتەری) لەگەڵ زانیاریی دابینکەرانی تری چاودێریی تەندروستی بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانمان پەرە پێ بدەین. بۆ نموونە، بە بەکارهێنانی داتابەیسی زانیاریی کۆکراوە، ڕەنگە ئێمە زانیاریی زیاتر دەربارەی تەندروستیی تۆ بەدەست بخەین، ئەمەش یارمەتیمان دەدات کە بڕیاری تۆکمەتر لەسەر ئەو چارەسەر و چاودێریانە بدەین کە لەوانەیە فەراهەم بن بۆت، لەوانەش ڕێگەگرتن لە دووبارەکردنەوەی پشکنین یاخود ناکۆکی و نەسازانی بڕیارەکانی چارەسەرکردن.

هەرچەندە لەوانەیە ئێمە ئاگادارت نەکەینەوە لە دانانی داتاکانت لە ناو ئەم داتابێسە، بەڵام لەوانەیە ڕێگەت پێ بدرێت کە لە هەندێ لەم داتابێسانە "بکشێیتەوە". ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین کە نەخۆشەکانمان، و لەوانەیە خەڵکیش ئاگادار بکەینەوە لە ئەم بژاردانەی "کشانەوە" (ئەگەر هەبن) لەڕێگەی دانانی ئاگاداری لە دەزگاکانماندا، لە ماڵپەرەکانماندا یاخود لە ڕێگەی میدیای کۆمەڵایەتیەوە.

### بۆ ئەو چالاکەییانەی کە بەپێی یاسا داواکراوە یاخود ڕێگەی پێ دراوە

هەندێك بارودۆخ هەیە کە بە یاسا داواکراوە یاخود ڕێگەی پێ دراوە کە ئێمە زانیاریی تەندروستیی تۆ بەکاربهێنین یاخود ئاشکرا بکەین بەبێ وەرگرتنی ڕێگەپێدانی نووسراو لە تۆ، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی ترە نەوەك بۆ

مەبەستی چارەسەرکردن، پارەپێدان و کارەکانی چاودێریی تەندروستی، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. **چالاکی تەندروستیی گشتی،** ڕەنگە ئێمە ئەم زانیارییانە بدەین بە دەزگایەکی تەندروستیی گشتی کە بە یاسا ڕێگەی پێ دراوە ئەم جۆرە زانیارییانە کۆبکاتەوە و بەدەستیان بخات بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت لەسەر نەخۆشیی گوازراوە یاخود هەڵسوکەوتکردنی خراپ لەگەڵ منداڵان، یان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خۆراك و دەرمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (FDA) بۆ ئەوەی ڕاپۆرت دروست بکات لەسەر دەزگای پزیشکی یاخود لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندی بە بەرهەمەکانەوە هەیە. لە هەندێك حاڵەتی سنووورداردا، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستیی تۆ ئاشکرا بکەین بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسێك کە لە مەترسیی ئەوە دا یە کە تووشی نەخۆشییەکی گوازراوە ببێت.
2. **چالاکییەکانی ڕەقابەی تەندروستی،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بدەین بە ئاژانسێکی ڕەقابەی تەندروستی کە ئەمانە و هەندێکی تر لەخۆ دەگرێت: وەکوو ئاژانسی حکومەتی فیدڕاڵ یان حکومەتی ویلایەتی کە بە پێی یاسا ڕێگەیان پێ دراوە چاودێریی سیستەمی چاودێریی تەندروستی بکەن.
3. **چالاکییەکانی جێبەجێکردنی یاسا،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی سنووردار ئاشکرا بکەین بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکی ڕەسمی جێبەجێکردنی یاسا بۆ ناسینەوەی یاخود دۆزینەوەی قوربانییەك، تۆمەتبارێك، هەڵاتوویەك، شاهیدێك یان کەسێکی ونبوو (لەوانە کەسانی مردوو) یاخود بۆ ڕاپۆرتکردنی تاوانێك کە لە بیناکانی ئێمەدا ڕووی داوە یان بووە بە هۆی دروستبوونی پێویستی بە خزمەتگوزاری فریاکەوتن.
4. **کاری ئیداری و دادوەری،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی ئاشکرا بکەین لەسەر داواکاری یاخود بە فرمانێکی دەرچوو لە دادگا یان لە دەزگایەکی ئیداری.
5. **پزیشکی داد، پشکێنەرانی پزیشکی و بەڕێوەبەرانی ئەسپەردەکردنی جەنازە،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بدەین بە پزیشکی داد یان پشکێنەری پزیشکی بۆ ناسینەوەی کەسی مردوو یاخود زانینی هۆی مردنی.
6. **بەخشینی ئەندام،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بدەین بە ڕێکخراوێکی چاندنی ئەندام یان دەزگایەکی تر کە بەشدارە لەم کارە یاخود لە پڕیاری بەخشین، کاری بانکی و/یان چاندنی ئەندام یاخود شانە.
7. **مەبەستی لێکۆڵینەوە،** ئێمە کاری لێکۆڵینەوە و بەشداری لە لێکۆڵینەوەی پزیشکی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و جۆرەکانی تر دەکەین. زۆربەی پڕۆژەکانی لێکۆڵینەوە، کە زۆرێك لەوانە زانیاریی تەندروستی بەکاردەهێنن، پێویستییان بە پرۆسەیەکی ڕەزامەندی هەیە بۆ ئەوەی نرخاندن بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەشکراوەکە و ئەو زانیارییە تەندروستییانەی کە بەکاریدەهێنن بەر لەوەی زانیاریی تەندروستی داواکراو بەکاربهێنین یاخود ئاشکرای بکەین. لە حاڵەتی تایبەتدا، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بدەین بە خەڵکانێك کە خەریکی ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەین کە ئاخۆ پڕۆژەی لێکۆڵینەوەی ئەوان دەتوانرێ ئەنجام بدرێت یان سوودی هەبێت بە شێوەیەك کە ئەو زانیارییە تەندروستییانەی ئەوان پێداچوونەوەی بۆ دەکەن لە شوێنی دەزگاکانمان نەبرێنە دەرەوە. زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ دەخرێتە نێو ئەو داتابێسانە کە بەردەست دەبن بۆ پڕۆژەی لێکۆڵینەوەی پەسەندکراو، مەگەر تۆ پێمان بڵێی کە ناتەوێ بەشدار بی، یان بتەوێت زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ لابرێت، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی کشانەوە (ئەگەر هەبێت). هەر شلەیەک یان شانەیەکی لەشی تۆ (لەوانە ئەندامەکان) کە فڕێ دەدرێت یان هەڵدەگیردرێت و چیتر پێویست نییە بۆ چاودێریی کلینیکی تایبەت بە تۆ، لەوانەیە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بدرێتە بە لێکۆڵەران.

سەرباری ئەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پابەندین بە پێشخستنی زانست و پزیشکی و وەك بەشێك لە چارەسەری تۆ، پزیشکەکانمان ڕەنگە زانیاری دەربارەی تاقیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەی کلینیکی (چارەسەرە لێکۆڵینەوەییەکان) بدەن بە تۆ. بۆ پڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ تۆ گونجاوی بۆ هەندێك تاقیکردنەوەی کلینیکی، دەکرێ پزیشکەکانمان و کارمەندانی لێکۆڵینەوە پێداچوونەوە بۆ زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ بکەن و بەراوردی بکەن لەگەڵ مەرجەکانی تاقیکردنەوەی کلینیکی.

8. **ڕێگەگرتن لە زیانگەیاندن بە کەسێك یاخود بە سەلامەتی گشتی،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی بەکاربهێنین یان ئاشکرا بکەین ئەگەر بێتوو باوەڕمان وابێ کە ئەو ئاشکراکردنە پێویستە بۆ ڕێگەگرتن یاخود کەمکردنەوەی هەڕەشەیەکی جددی کە لەسەر خەڵك یان لەسەر تەندروستی یاخود سەلامەتی کەسێکی تر.

9. **کاری تایبەتی حکومەت،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ بەکاربهێنین یاخود ئاشکرا بکەین لە کاتی پێویست بۆ ئاسایشی حکومەت، یان لە کاتی پێویست بۆ ڕێکخراوەکانی تەمێکردن و ڕاهێنانەوە.

10. **بۆ مەبەستی قەرەبووکردنەوەی کرێکاران،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ ئاشکرا بکەین بۆ پابەندبوون بە یاساکانی قەرەبووکردنەوە یان پڕۆگرامی تری هاوشێوە.

11. **بیرخەرەوەی مەوعد و هەروەها بۆ ئاگادارکردنەوەت لە خزمەتگوزاری یان بەرهەمی تەندروستی،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ بەکاربهێنین یان ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی بۆ مەوعد و خزمەتگوزارییەکانی تر پەیوەندیت پێوە بکەین یاخود بۆ ئەوەی زانیاریت پێ بدەین دەربارەی چارەسەرییەکانی تر یان دەربارەی خزمەتگوزاری یان بەرهەمی تەندروستیی تر.

12. **بۆ مەبەستی حیسابات و کۆکردنەوە،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ بەکاربهێنین یان ئاشکرا بکەین بۆ مەبەستی وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو. لەوانەیە پەیوەندی بە تۆوە بکەین لە ڕێگەی نامە یان تەلەفۆنکردن بۆ ژمارە تەلەفۆنێکی پەیوەست بە تۆ، کە دەکرێت ژمارە تەلەفۆنی بێتەلیش بێت. لەوانەیە پەیوەندیی تەلەفۆنی لە ڕێگەی دەنگی تۆمارکراو یاخود نامەی دەنگی دەستکرد و/یان ئامێری ئۆتۆماتیکی ژمارەلێدان ("ئۆتۆدایلەر") بێت. لەوانەیە پەیامەکە لەسەر ئامێرێ وەڵامدانەوە یان ڤۆیسمەیل دابنرێت، لەوانە هەر نامەیەکی زانیاری کە بەپێی یاسا داواکراوبێت (لەوانە یاساکانی وەرگرتنەوەی قەرز) و/یان دەربارەی ئەو بڕەی کە تۆ قەرزاری. هەروەها ڕەنگە لەڕێگەی پەیامی نێکست یان ناردنی ئیمەیل بۆ هەر ئادرەسێک کە تۆ دەیدەیت، پەیوەندی بە تۆوە بکرێت.

13. **بۆ مەبەستی بەخشین،** ڕەنگە ئێمە زانیاریی دیمۆگرافی بەکاربهێنین یان ئاشکرا بکەین لەوانە ناوەکان، ناونیشانەکان، زانیاریی پەیوەندیکردن، تەمەن، ڕەگەز، ڕۆژی لەدایکبوون و مێژووی وەرگرتنی چاودێری تەندروستی لەلای ئێمەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەین بۆ مەبەستی بەخشینی پارە بە ئێمە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی چاودێری تەندروستیمان درێژە بدەین یان فراوانتر بکەین. ئەگەر تۆ ناتەوێ پەیوەندیت پێوە بکرێ وەك بەشێك لە هەڵمەتی بەخشینی پارە، تکایە پەیوەندی بە یەکێك لەوانە بکە کە لە خوارەوە لە "بەشی سکاڵا" دا ئاماژەیان پێ کراوە. ئەگەر تۆ ناتەوێ پەیوەندیت پێوە بکرێ وەکوو بەشێك لە هەڵمەتی بەخشینی پارە، ئێمە ئەم بڕیارە ناکەینە مەرج بۆ خزمەتگوزاری یان پارەدان.

## کاتێک بژاردەکانت دەبێتە ڕێنمای ئێمە بۆ بەکارهێنان یان ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی

1. **ڕێبەری دەزگا،** ڕێبەری دەزگا دەکرێ ئەمانە لەخۆ بگرێ: ناوت، شوێنت لە دەزگاکە، باری گشتیت وەکو باش، جێگیر، هتد و ئینتیمای ئایینیت (ئەگەر لەلایەن تۆوە پێمان وترابێت). مەگەر تۆ پێمان ڕابگەیەنی کە ناتەوێ لە ناو ڕێبەری دەزگاکە هەبیت، ئەگەرنا تۆ دەخرێیتە ناو ڕێبەرەکە و زانیاریی ناو ڕێبەرەکە لەوانەیە بدرێت بە ئەندامەکان یان خەڵکانێك کە داوای ناوت دەکەن.

2. **زانیاری، ئەگەر هەبوو، دەدرێتە خێزانەکەت یان هاوڕێیانت،** مەگەر تۆ پێچەوانەکەیمان پێ بڵێی ئەگینا بەرلە هەر باسکردن و لێکدانەوەیەک، ڕەنگە ئێمە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە چاودێریی تۆ بدەین بە ئەندامێکی خێزان یان بۆ هاوڕێیەکی نزیکت، لەوانەش زانیاری سەبارەت بە پارەدانی چاودێری تایبەت بە تۆ.

3. **هی دیکە،** تۆ دەتوانی بە نووسراو داوا بکەی کە زانیاری تایبەت بە تۆ هاوبەش نەکرێ لەگەڵ پلانێکی چاودێریی تەندروستی بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پارەکەیت بە تەواوی داوە.

## حاڵەتەکانی بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاری کە پێویستی بە ڕەزامەندی نووسراوێ تۆ هەیە

1. ئاشکراکردنی تێبینی چارەسەری دەروونی لە زۆربەی حاڵەتەکان.
2. ئێمە بەبێ ڕەزامەندیی نووسراوی تۆ بەشدار نابین لە زانیاری ئاشکراکردن کە ببێتە مایەی فرۆشتنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ. فرۆشتنی زانیاریی تەندروستی پارێزراو ئەو کاتە ڕوودەدات کە ئێمە یاخود کەسێك کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کۆنتراکتمان لەگەڵی هەیە، پارە وەربگرێت بۆ پێدانی زانیاریی تەندروستی پارێزراوی تایبەت بە تۆ.
3. ئێمە بەبێ ڕەزامەندیی نووسراوی تۆ زانیاریی تەندروستیی پارێزراوی تۆ بۆ مەبەستی مارکێتینگ (بەبازاڕکردن) بەکارناهێنین یان ئاشکرا ناکەین. مارکێتینگ واتە وەرگرتنی پارە لە لایەنێکی سێیەم بۆ پەیوەندیکردن بە تۆوە سەبارەت بە بەرهەم و خزمەتگوزاریگەلێک کە لایەنی سێیەم بازاڕگەرمی بۆ دەکات.

بۆ ئەو حاڵەتانەی کە بە گشتی لە ناو "ئاگاداری"یەکەمان باس نەکراوە، ئێمە بەر لە بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ داوای ڕەزامەندی نووسراوی تۆ دەکەین. تۆ هەموو کات دەتوانی ئەم ڕەزامەندییە هەڵبوەشێنیەوە بۆ وەستاندنی ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە خۆت. ئەو زانیارییانەی کە پێشتر ئاشکراکراون ناکرێ داوای گەڕانەوەیان بکەی و هەڵوەشاندنەوەی ڕەزامەندی کاریگەری لەسەر ئەو کارانە نابێت کە ئێمە پێشتر ئەنجاممان داون. سەرەڕای ئەمەش، ئەگەر ئێمە زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەمان کۆکردەوە، ئەوا دەتوانین زانیارییەکان بەو ئەندازەی کە بۆ پاراستنی تەواوێتیی توێژینەوەکە پێویستە بەکاربهێنین یان ئاشکرا بکەین.

## مافەکانت سەبارەت بە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ

### داواکاری بۆ سنووردانان لەسەر هەندێك حاڵەتی بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی

تۆ دەتوانی، بە نووسراو، داوا بکەی کە سنوور دابنرێ بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی پارێزراوی چارەسەرکردنت، و بۆ پارەدانی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستیت یان بۆ ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندییان بە کارەکانی چاودێریی تەندروستی ئێمەوە هەیە. هەروەها تۆ دەتوانی داوای دانانی سنوور بکەی بۆ ئەوەی کە ئێمە دەتوانین کامە زانیاریی تەندروستی بدەین بە کەسێك کە بەشدارە لە چاودێریکردنت، وەکو ئەندامی خێزان یاخود هاوڕێ.

*ئێمە ناچار نین لە هەموو حاڵەتەکاندا داواکاریی تۆ قەبووڵ بکەین. سەرباری ئەوە، هەر داواکارییەکی سنووردانان کە ئێمە ڕەزامەندی لەسەر بدەین کاریگەری نابێت لەسەر بەکارهێنان یا خود ئاشکراکردنی زانیارییەکان لەو حاڵەتانە دا کە ئێمە بە پێی یاسا مولزەمین یان ڕێگەپێدراوین.*

### داواکردنی پەیوەندی بە شێوەیەکی نهێنی

تۆ دەتوانی داوای گۆڕانکاری بکەی لە شێوازی پەیوەندیکردنی ئێمە لەگەڵ تۆ یاخود ئەو شوێنەی کە ئێمە دەتوانین پەیوەندیت پێوە بکەین. تۆ دەبێ داواکارییەکەت بە نووسراوی پزیشکەش بکەی. سەیری زانیاریی پەیوەندیکردن بکە لە خوارەوە. ئێمە پێشوازی لە داواکاریی گونجاو دەکەین، بەڵام بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ داواکارییەکەت گونجاوە یان نا، ئێمە لەوانەیە ڕەچاوی زەحمەتی کارەکە لەسەرمان لە ڕووی ئیدارییەوە بکەین.

### پشکنین و بەدەستهێنانی کۆپییەك لە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ

تۆ دەتوانی داوای بینین و/یان بەدەستخستنی کۆپییەك لە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە خۆت بکەی. دەبێ تۆ داواکارییەکەت بە نووسراوی پێشکەش بە بەشی تۆمارە پزیشکییەکان (یا بەشێکی تری تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە) بکەی کە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆی تێدا هەڵگیراوە. بۆ نموونە، ئەگەر بتەوێ سەیرێکی تۆمارەکانی نەشتەرگەری خۆت لە نەخۆشخانەگەلی گرێدراوی BJC HealthCare و لە تۆمارەکانی ئۆفیسی پزیشکی

پەیوەندیدار بکەی، ئەوا دەبێ داواکاریی جیا بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی کە نەشتەرگەریت تێدا ئەنجام داوە و هەروەها بۆ ئۆفیسی پزیشکەکە پێشکەش بکەی.

ئێمە لەوانەیە پارە وەربگرین بۆ کۆپیکردن یاخود ئامادەکردنی کورتەیەك لە زانیاریی تەندروستی داواکراو. ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی 30 ڕۆژدا وەڵامی داواکاریت سەبارەت بە زانیاریی تەندروستی دەدەینەوە لە ڕۆژی بەدەستگەیشتنی داواکارییەکەوە، مەگەر زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ لەو کاتەدا بەردەست نەبێ یاخود لە شوێنێکی دەرەوەی دەزگاکە هەڵگیرابێ.

## داوای گۆڕانکاری کردن لە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ

تۆ دەتوانی بە نووسراوی داوای گۆڕین یان زیادکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە خۆت بکەی. دەبێ تۆ داواکارییەکە بە نووسراوی پێشکەش بکەی. سەیری زانیاری پەیوەندیکردن بکە لە خوارەوە. یاسا گۆڕین و زیادکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ سنووردار دەکات. ئەم سنووردارکردنە بریتیە لەوەی کە ئاخۆ ئێمە ئەو زانیارییە تەندروستییانەمان ئامادەکردووە یاخود خستومانەتە ناو تۆمارە پزیشکییەکانمان یان ئایا ئێمە پروامان وایە کە ئەم زانیارییە تەندروستییانە تەواو و دروستن و پێویستیان بە گۆڕانکاری نییە.

ئێمە لە هیچ حاڵەتێکدا دۆکیومێنتی ئەسڵی لە ناو زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ ناسڕینەوە یاخود لە ناو نابەین.

## داواکردنی ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ

تۆ دەتوانی بە نووسراو داوای ڕاپۆرتی هەندێك حاڵەتی ئاشکراکردنی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە خۆت بکەی. سەیری زانیاریی پەیوەندیکردن بکە لە خوارەوە. یاسا کۆمەڵێک جۆری ئاسایی ئاشکراکردنی زانیاری لە حیساب و ڕاپۆرت لادەبات، وەکوو ئەوانەی کە بۆ چاودێری تۆ، و بۆ پارەدانی خزمەتگوزاری تەندروستی تۆ ئاشکراکراون یاخود تۆ بە نووسراو ڕەزامەندیت لەسەر ئاشکراکردنی زانیارییەکان داوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە لە ماوەی 60 ڕۆژدا، لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکارییەکە، وەڵامی داواکارییەکەت دەدەینەوە مەگەر پێویستیمان بە کاتی زیاتر هەبێ.

## ئاگادارکردنەوە پاش دزەکردنی زانیاریی تەندروستی پارێزراو

ئێمە لە ماوەیەکی گونجاودا، کە لە 60 ڕۆژ تێنەپەڕێ، بە نووسراو ئاگادارت دەکەینەوە لە حاڵەتی دەست گەیشتن بە زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ لە لایەن BJC Healthcare کە یەکێکە لە کۆمپانیا گرێدراوەکانی ئێمە، یاخود لە لایەن کەسێکەوە کە ئێمە کۆنتراکتمان لەگەڵی کردووە بۆ ئەوەی کارەکە لە جیاتی ئێمە بکات.

## بەدەستهێنانی ئاگاداری سەبارەت بە ڕێساکانی پاراستنی نهێنی تایبەت بە ئێمە

ئێمە "ئاگاداری" خۆمان پێشکەش بە تۆ دەکەین بۆ ئەوەی "ڕێساکانی پاراستنی نهێنی" تایبەت بە ئێمە ڕوون بکەینەوە و پێتانی ڕابگەیەنین. دەتوانی کۆپییەك لەم "ئاگاداری"یە بۆ خۆت ببەی. تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ئەلکترۆنیش داوای ئەم "ئاگاداری"یەت کردبێت، ئەوا دەتوانی لە هەر کاتێکدا بێ داوای کۆپییەکی کاغەزی ئەم "ئاگاداری"یە بکەی. هەروەها دەتوانی لەڕێگەی ماڵپەڕەکەمانەوە www.bjc.org سەیری کۆپییەکی ئەم "ئاگاداری"یە بکەی یان بەدەستی بهێنی.

## گۆڕانکاریکردن لەم "ئاگاداری"یەدا

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە گۆڕانکاری لەم "ئاگاداری"یەدا بکەین دەربارەی "ڕێساکانی پاراستنی نهێنی" تایبەت بە

ئێمە، کە کاریگەری لەسەر هەموو زانیارییەکی تەندروستی دەبێت کە لای ئێمە هەڵگیراوە و هەروەها کاریگەری لەسەر ئەو زانیاریانەش دەبێت کە لەوانەیە لە داهاتوودا پێمان بگات. ئێمە "ئاگاداری" هەموارکراو پێشکەش بە تۆ دەکەین بەوەی لەسەر داواکاری تۆ دەیخەینە بەردەستت، و بە پۆستکردنی لە شوێنە خزمەتگوزارییەکانی ئێمە. هەروەها ئێمە "ئاگاداری" هەموارکراو لە سەر ماڵپەڕەکامان دادەنێین.

## سکاڵاکان

ئێمە پێشوازی لە چارەسەرکردنی هەر شتێك دەکەین کە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێی تۆ دەربارەی نهێنێتی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە خۆت. ئەگەر باوەڕت وابێ کە نهێنیێتی زانیاریی تەندروستی تایبەت بە تۆ پێشێل کراوە، تۆ دەتوانی لە ڕێگای نوێنەر/پارێزەری چاودێریی نەخۆش، پەیوەندیی HIPAA یان لە ڕێگای سکرتێری وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزاری مرۆڤیی ئەمریکا سکاڵایەک پێشکەش بکەی.

بۆ بەدەستخستنی یارمەتی لەلایەن نوێنەر/پارێزەری چاودێریی نەخۆش، پەیوەندیی HIPAA، پەیوەندی بە "ئۆپێرەتەر"ەوە بکە لە دەزگاکانماندا یان ئۆفیسەکانمان و داوای نوێنەر/پارێزەری چاودێریی نەخۆش یان پەیوەندیی HIPAA بکە. هەروەها دەتوانی پەیوەندی بە هەریەك لە نوێنەر/پارێزەری چاودێریی نەخۆش یان پەیوەندیی HIPAA بکەی بۆ هەر پرسیارێك دەربارەی ئەم "ئاگاداری"یە.

*گرنگە کە بزانی داواکاری و سکاڵا بۆ ئەو نەخۆشخانە یان ئۆفیسە دەکرێت کە بووەتە هۆی دڵەڕاوکێ سەبارەت بە نهێنیێتی تۆ. ئەگەر داواکارییەك یان سکاڵایەك بۆ نەخۆشخانەیەک یاخود دابینکەرێکی تر کە لەم "ئاگادارییە هاوبەشە"دا ئاماژەی پێ نەکراوە یان ڕووماڵ نەکراوە، بنێردرێت، پشتگوێ دەخرێت.*

**دڵنیا بە کە پێشکەشکردنی سکاڵا هیچ کاریگەرییەکی نابێ لەسەر چاودێریی تەندروستی تایبەت بە تۆ و بە هیچ جۆرێك نابێتە هۆی سزادان یاخود تۆڵەسەندنەوە.**

**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم "ئاگاداری"یە یاخود هەر شوێنێکی ئێمە، تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە www.bjc.org یان تەلەفون بۆ ئەم ژمارانە بکە 314-362-9355 یان 1-800-392-0936.**

## شوێنەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی BJC HEALTHCARE

### نەخۆشخانەکانی BJC Healthcare

نەخۆشخانەی ئالتن مێمۆریاڵ (Alton Memorial Hospital)

نەخۆشخانەی بارنس-جووش (Barnes-Jewish Hospital)

نەخۆشخانەی بارنس-جووش سێینت پیتەرز (Barnes-Jewish St. Peters Hospital)

نەخۆشخانەی بارنس-جووش وێست کەنتری (Barnes-Jewish West County Hospital)

سەنتەری نەخۆشخانەی بوون (Boone Hospital Center)

نەخۆشخانەی کریستیان و چاودێری تەندروستی نۆرزوێست (Christian Hospital and Northwest HealthCare)

سەنتەری پزیشکی میزۆری باپتست (Missouri Baptist Medical Center)

نەخۆشخانەی میزۆری باپتست سولیڤان (Missouri Baptist Sullivan Hospital)

سەنتەری پزیشکی پارکلاند – بۆنێ تێر (Parkland Health Center - Bonne Terre)

سەنتەری پزیشکی پارکلاند –فارمینگتن (Parkland Health Center – Farmington)

سەنتەری پزیشکی پاڕکلاند –وێبەر ڕۆد (Parkland Health Center - Weber Road)
نەخۆشخانەی پرۆگرێس وێست (Progress West Hospital)
نەخۆشخانەی سێینت لویسی منداڵان (St. Louis Children’s Hospital)

## دەزگاکانی چاودێریی درێژخایەنی BJC HealthCare

چاودێری درێژخایەنی بارنس- جووش (Barnes-Jewish Extended Care)
ماڵی ئێونیس سمیس (Eunice Smith Home)

## ڕێکخراوەکانی تری خزمەتگوزاریی BJC

تەندروستی ڕەفتار BJC (BJC Behavioral Health)
خزمەتگوزاری تەندروستی هاوبەشی BJC (BJC Corporate Health Services)
خزمەتگوزاری چاودێری ماڵەوەی BJC (BJC Home Care Services)
نەخۆشخانەی چاودێری ماڵەوە و شوێنی مانەوەی بوون (Boone Hospital Home Care and Hospice)
ئۆفیسەکانی گروپی پزیشکی BJC (BJC Medical Group Offices)
دەرمانخانەکانە ڕیتەیلەکانی BJC (BJC Retail Pharmacies)
سەنتەرەکانی بینایی BJC (BJC Vision Centers)
گروپی پزیشکی ڤێیرڤیو هایتس (Fairview Heights Medical Group)
ئنستتیوتی چاودێری دڵ (Heart Care Institute)

*ڕێکەوتی کارپێکردن: 14ی نیسانی 2003*
*ڕێکەوتی هەموارکردن: نیسانی 2012، ئابی 2013، تەمموزی 2015*